کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
2-8-2007 17:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێکی بەپەلە بۆئەونووسەرەی کە utv بەدزی ڕۆژنامەوانی ناودەبات ... دیاری عەلی - بینەرێکی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو

بابەتە لاوازو جنێو ئاساکەی نووسەرێکی سەردەمی عەولەمەم لەژێر ناوی سەبقی سەحەفی یان دزی ڕۆژنامەوانی لەماڵپەری کوردستان نێتی ئازیز خوێندەوە، کەکەسێك بەناوی عەبدە تاهیروسو نووسیویەتی. خۆیشی وانیشان دەدات کە کارمەندێکی وەزارەتی ئەوقافە!!!نووسەری ناوبراو زۆر بەزەقی و جورئەتەوە هێرش دەکاتە سەر تەلەفزیۆنی یەکگرتوو کەناڵی هەولێر!!! بەڵام چ هێرشێك، هێرشێکی پڕ لەکەف و کوڵ وپڕ لەقین و زمان شڕی و بەزاندنی سنوورەکانی ڕۆژنامەگەریی... لەوەدەچی ئەوبرادەرە تازە دەستی دابێتە نووسین بەوەی ناوی بێتە ناوناوان!!!! چونکە ئەگەر یەکێك ڕۆژنامەنووس و قەڵەم هەڵگربێت ئەوا دەبی ڕەچاوی هێرشە بەربڵاوەکانی بکات و هەروەها دەبێت بەڵگەشی بەدەستەوەبێت... ئەم بەڕێزە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو بەدز و پەیامنێرەکانیشی بە سیخوڕ و جاسوس ناوزەد دەکات!!!! بەخواسەیرە پێم ناڵێی دزی چی وجاسوسی چی؟؟؟ ئەگەر خۆت دزو جاسوس و ڕاپۆرت نووس نەبیت بۆ پەیداکردنی پارووێکی چەور ئەم تانەو تەشەرە ئاڕاستەی تەلەفزیۆنی یەکگرتووکەناڵی هەولێر ناکەیت... دەبووایە لەئاست بڵاوکردنەوەی نووسینەکەت شەرمت بگرتایە و جورئەتت نەکردایە ئەو چەند دێڕە بنووسیت!!!! زۆر سەیرە لەم زەمانە کەسانێك بەتۆبزی بوونەتە نووسەر کەنەدەزانن بنەماکانی نووسینی هەربابەتێك چۆنە و چۆن نییە؟؟ بەڵام لەهەقیقەتی بابەتی ئەم بەڕێزە گەیشتم کەسێکی زۆر حەسوود و جنێو فرۆشە!!!حەسوودی وئیرەیی بەومانایەی ئیرەیی بەسەرکەوتنی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو دێت کەبۆ ماوەی دووجار لەسەر یەك لەڕاپرسییەکە مسۆگەریی کرد ئەویش دەزانی لەبەرچی؟ لەبەر بەهێزی کەناڵەکە وڕەچاوکردنی سەبقی سەحەفی نەوەك دزی ڕۆژنامەوانی وەك ناوت بردووە!!! پاشان ئەمجارەیان هێرشێکی تر لەبابەتەکەت ڕەنگ دەداتەوە کەدەڵێیت ئەو ڕاپرسییەی پێشتر کەتەلەفزیۆنی یەکگرتووی بەیەکەم کەناڵ هەڵبژاردووە زوڵمی لەڕەوتی ڕاگەیاندنی کوردی کردووە!!!! بەخوا سەیرە باشە ئەزیزم ئەم گلەییە (سیایەت) بۆ ئاڕاستەی ئەو ڕێکخراوە ناکەیت کەیەکگرتووی بەیەکەم کەناڵ هەڵبژاردووە بزانە خۆیان بەئارەزووی خۆیان هەڵیان بژاردووە یان لەڕێی ڕاپرسییەوە بووە؟؟؟؟ هەروەها دەڵێی تەلەفزیۆنی یەکگرتوودەستەواژەی ئیسلامیی بەخۆی لکاندووە، کەچی بەنوێژی نیوەڕۆ دزی لەوەزارەتی ئەوقاف کردووە؟؟؟؟ ئەم دەستەواژەیەت زۆر زۆر لاوازە چونکە لەهەموو کات وساتێك تەلەفزیۆنی یەکگرتوو ڕایگەیاندووە کەکەناڵەکەی بەتەنها بۆ ئیسلامییەکان نییە و بۆ هەمووکەسێکە دیارە لەئاست ئەو هەقیقەتە گوێچکەکانت یان پەمۆی تێدایە یانیش کەڕن!!!! پاشان باس لەدزینی ناوەکان دەکەیت؟خۆتۆ بەیاننامەکەی تەلەفزیۆنت بەرچاوکەوتووە و گومانی تێدانییە بەهەڵە خوێندۆتەوە ئەگەرلێمی قەبووڵ بکەیت!!! ئەمجارەیان شتێکی زۆر ناماقوڵت نووسیوە کەتێیدادەڵێیت (باشە خۆ بڵاوکردنەوەی ناوی حاجیانی کوردستان کاسێتەکەی ئەیمەن زەواهیری و ئوسامە بن لادن نەبووهەتا ئێوەش وەك کەناڵی جەزیرە پەلەتان بێت لەبڵاوکردنەوەی) من وەڵامی ئەو ڕستە لاوازو بی ئیحترامیەت نادەمەوە، چونکە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو هاوشێوەی ئەوکەناڵانە نییە کەکاسێتی تیرۆریستەکانی تێدا بڵاودەکرێتەوە!!! باش بزانە ئەی فەریکە نووسەری تەشهیر چی کەتەلەفزیۆنی یەکگرتوو میسداقیەتی خۆی پاراستووەو هەمووکات و ساتێکیش بنەماکان و ئەخلاقییەتی ڕۆژنامەگەریی لەبەر چاو بووەو ڕەچاوی کردووە، بەنووسین و قسە هەڵبەستراوو شڕۆڵەکانی تۆ ئەم کەناڵە لەکەدارنابێت و ساردبوونەوە ڕووی تێناکات دەزانی بۆ؟ چونکە بەرپرسەکانی نێو ئەوتەلەفزیۆنەکەکاری تێدا دەکەن کەسانی ئەمانەت پارێزن و دەرك بەڕاستیەکان دەکەن وەك تۆنین لەژێرچاویلکەی ڕەش هەقیقەت و ڕاستییەکان نەبینن، باشیش بزانەئەهلی ئەوئەرکەو زیاتریشن کەلەئەستۆیاندایە وەك تۆ بەپێچەوانەوە دەیخەیتەڕوو، باشیش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

2-8-2007 17:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بزانە بەقسە هەڵبەستراوەکانی تۆ ئەم کەناڵە ساردبوونەوە ڕووی تێناکات و زیاتر و زێتر و گەرم و گوڕتر کارەکانی خۆی دەبات بەڕێوە... ئەمجارەشیان کەشتێکت نووسی نیشانی دەیان نووسەری خاوەن ئەزموونی بدە تاوەکو بابەتەکەت ببێتە متمانەی خوێنەران، هەروەها هیوادارم چیدیکە بوختان وتەشهیر و ناوزڕاندن و لەکەدارکردن بۆ کەناڵێکی خاوەن میسداقیەتی وەك یەکگرتووهەڵنەبەستی و نەیخەیتە سەر ڕووپەڕەی ماڵپەرەکان چونکە حیسابی جەماوەرێك بکە کەلەئێوارە تاکۆتایی پەخش بەدیار کەناڵەکە دادەنیشن و متمانەیان پێی هەیە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.